# ڕێکخستن

# ڕێکخستن

## هەندێك چەمکی سەرەکی

### سەلاحییەت:

مافی فەرمی هەڵسوکەوتکردنو بڕیاردانە، یاخود فەرمان دەرکردنە، سەلاحییەت شەرعییەتی خۆی لە دەسەلاتی فەرمی وەردەگرێت، بە پێی یاساو سیستەمو ڕێسا ڕێکدەخرێت، هەندێکجاریش بەپێی ڕێنماییگەلێك دیاری دەکرێتو دەکرێت ڕاپسپێردرێت.

### بەپرسیارییەتی:

بریتییە لە بەڵێندانو پابەندبون لەلایەن ئەو تاکەی کە سەلاحیاتیان هەیە، چونکە دەیبوژێننەوە بەپێی ڕێساو پێوەرە یاسایی‌و پیشەییەکانەوە. واتە بەرپرسیارییەتی هەموو ئەو ئەرکانەی کە پێویستە بە جێ بگەیەنرێت بۆ ئەنجامدانی هەرکارێك، ناکرێت ئەم کارە بخرێتە ئەستۆی یەکێکی ترەوە.

### زنجیرەی گەڕانەوەیی:

مەبەست لێی پەیوەندیکردنە بە سەرۆکی ڕاستەوخۆ سەبارەت بەوەی کە پەیوەستە بەئەنجامدانی کارەکان، یاخو ئەوەی کە پەیوەستە بە مافە کەسییەکان و نابێت تێ بپەڕێنرێت بۆ ئەو کەسەی کە بالاترە.

لە سیماکانانی لادان لە زنجیرەی کارگێڕی ئەوانەن:

1. ئەنجامدانی چەند کارێك بێ ئاگاداری سەرۆکی ڕاستەوخۆ.
2. مۆڵەت وەرگرتن، یاخود ڕاوێژکردن بە کەسێکی تر جگە لە سەرۆکی ڕاستەوخۆ.

## ڕێکخستن چییە؟

- ڕێکخستن بریتییە لە دابەشکردنو کۆکردنەوەی ئەو کارانەی کە پێویستە لە وەزیفەکان ئەنجام بدرێت، دواتر دیاریکردنی پەیوەندییە بڕیار لەسەردراوەکان لە نێوان ئەو تاکانەی کە ئەو وەزیفانەیان هەیە.
- بریتییە لە کۆکردنەوەی لایەنەکانی چالاکییە پێویستەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکان و جێبەجێکردنی پلاندانان، خستنەپاڵی ئەو چالاکیانە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە ئەنجامی دەدەن، هەروەها پێدانی دەسەلاتو هەماهەنگی لە نێو کۆششە خەرجکراوەکان.
- بریتییە لە دابەشکردنی گونجاوی تاك و ئەرکەکانو دیاریکردنی پسپۆڕیو ڕوونکردنەوەی دەسەلات و بەرپرسیارێتی لەنێو ڕێکخراوەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجی داواکراو.

## پێکهاتەی ڕێکخستن چییە؟

بریتییە لە چوارچێوەی دامەرزاوەیی ڕوونکەرەوە بۆ پێکهاتەکانی ڕێکخراوە، ئەمە چەندین بەشو لق لە خۆدەگرێت کە پەیڕەوی لێدەکات، ئەو ئاستانەش دیاری دەکات کە تیایدا هەیە، لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەی کە دەبێت لەڕێگایانەوە کارلێکی لەگەڵدا بکرێت، لەپاڵ ئەو چالاکییانەی کە ئەنجامی دەدات و ئەو بەرپرسیارییەتیو سەلاحیەتانەی کە پێی دەبەخشرێت.

پێکهاتەی ڕێکخستن، دابەشکردنی کاری نێوان فەرمانبەر و کەناڵەکانی هەماهەنگی فەرمیو زنجیرەی گەرانەوەیی ڕێکدەخات. پێکهاتەی ڕێکخستن پەیوەندییەکانی نێو دامەزراو ڕێکدەخات، چوارچێوەی سەرپەرشتیو سەلاحیاتو بەپرسیارییەتییەکانیان دیاری دەکات.

# دیزاینکردنی ڕێکخستنی کارگێڕی

## پێنج هەنگاو لە پرۆسەی ڕێکخستن:

### هەنگاوی یەکەم: پابەندبوون بە پلاندانان و ئامانجەکان:

ئامانجەکان دەستنیشاندەکات، هەروەها ئەو پلان و چالاکییانە دیاری دەکات کە دەبێت هەوڵ بدەین بۆ دەستەبەرکردنی. دەکرێت بەڕێوەبەرایەتی تازە دروست بکرێت، یاخود بەرپرسیارییەتی تازە بە هەندێك بەڕێوەبەرایەتی تازە ببەخشرێت، هەروەها دەکرێت هەندێك بەڕێوەبەرایەتی تازە نەهێڵدرێت. چەندین پەیوەندی تازە دروستدەکرێت، لە نێو ئاستەکانی بڕیاردان. ڕێکخستن پێکهاتەیەکی تازە بۆ پەیوەندییەکان دروستدەکات، کۆت دەخاتە سەر ئەو پەیوەندییانەی کە کاری پێدەکرێت.

### هەنگاوی دووەم: دیاریکردنی چالاکی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکان.

دیاریکردنی چالاکی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە دیاریکراوەکانی ڕێکخستن. دەبێت لیستێکی تەواوی ئەو ئەرکانە ئامادە بکرێ کە دەبێت دەستەبەر بکرێت، سەرەتا بە کارە بەردەوامەکان (کە چەندین جار دووبارە بۆتەوە)، بە کۆتایهاتن بەو ئەرکانەی کە دەکرێت بۆ یەك جار دەستەبەر بکرێن.

### هەنگاوی سێیەم: پۆلێنبەندی چالاکی:

بەڕێوەبەرەکان لەسەریان پێویستە سێ پرۆسە ئەنجام بدەن:

1. پشکنینی هەمو چالاکییەك، دواتر دیاریکردنی، بۆ ناسینی سروشتی (بازاڕ دروستکردن، بەرهەمهێنان....هتد).
2. دانانی چالاکی لە چەند کۆمەڵەیەك بە پشت بەستن بەو پەیوەندییانە.
3. دەستپێکردن بە دیزاینکردنی بەشە سەرەکییەکانی پێکهاتەی ڕێکخستن.

## هەنگاوی چوارەم: پێدانی کار ودەسەڵاتەکان

چەمکی پشکەکان وەك بنەمایەك بۆ ئەو هەنگاوە، بریتییە لە سەرچاوەی کاری ڕێکخراوەیی. لە سەرەتادا دەبێت بەڕێوەرایەتییەکان، سروشتیان، ئامانجیان، ئەرکیان وەك بنەمایەك بۆ دەسەڵات دیاری بکرێت. ئەو هەنگاوە لەسەرەتا و لەسەروبەندی پرۆسەی ڕێکخراوەییدا گرنگە.

## هەنگاوی پێنجەم: دیزاینکردنی ئاستەکانی پەیوەندی:

ئەو هەنگاوە پەیوەندییە ستونی و ئاسۆییەکانی ناو دامەزراوە وەك گشتێك دیاری دەکات. پێکهاتەی ئاسۆیی ئەوە دەردەخات کە کێ بەرپرسە لە هەموو ئەو ئەرکانە، هەرچی پێکهاتەی ستونییە، ئەوا بەو کارانە هەڵدەستێت:

1. پەیوەندییەکانی کار دەناسێنێت لەنێو بەڕیوەبەرایەتییەکاندا.
2. وادەکات بڕیاری کۆتایی لەژێر کۆنترۆڵدابێت، (ژمارەی فەرمانبەرەکانی هەر بەڕیوەبەرێك روونە).

## هەندێك خەسڵەتی پێکهاتەی ڕێکخستن

1. پێکهاتەی درێژ و کورت

أ) پێکهاتەی ڕێکخستنی درێژ: بونیادی ڕێکخستنی هەرەمی تیایدا درێژە (لەلایەنی ستونی)، بە مانای ئەوەی کە ژمارەی چین، یاخود ئاستەکانی بەڕێوەبەرەکان زۆرن. درێژی پێکهاتەی وادەکات پرۆسەی بڕیاردان هێواش بێت.

ب) پێکهاتەی ڕێکخستنی کورت: بونیادی ڕێکخستنی تیایدا کورتە(لەلایەنی ستونی)، بە مانای ئەوەی کە ژمارەی چین، یاخود ئاستەکانی بەڕێوەبەرەکان تیایدا کورتە. ئەو پێکهاتەیە بەپرسیارییەتییەکان بە بەڕێوەبەرەکان دەبەخشێت، ئەمەش خێرایی

ت) لەبڕیاردان زیاد دەکات. لە هەمان کاتدا هەموو بەڕێوەبەرێك بەرپرسە لە ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرەکان.

2. مەرکەزی و نامەرکەزی

أ) مەرکەزی: مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی لە دەست یەك لایەنی دامەزراوە چڕبۆتەوە، یاخود دەسەڵاتەکانی فەرمانبەرەکان کەمە، بەردەوام بڕیارەکانی پێویستی بە بەڕێوەبەرێکی پلە بەرز هەیە تاوەکو پاڵپشتی لێبکات. نمونەی ئەمەش ئەوەیە کە دەسەڵاتی داواکردنی کڕینی شتێك کە نرخەکەی کەمیش بێت لە سەڵاحیاتی بەڕێوەبەری گشتی، یاخود سەرۆکی کۆمپانیا بێت. مەرکەزییەت وادەکات بڕیارەکان هێواش بێت، بەڵام دەبێتە هۆی باشترکردنی چاودێریکردن.

ب) نامەرکەزی: مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان دابەشکراوە بەسەر هەموو دامەزراوەکانی پێکهاتەی ڕێکخستن. بەومانایەی کە هەموو بەڕێوەبەرەکان سەڵاحیاتێکی مەزنیان هەیە. نمونەی ئەمەش ئەوەیە کە هەر بەڕێوەبەرێك بودجەیەکی دیاریکراوی هەیە، دەتوانێت خەرجی بکات بەوشێوەیەی کە بە گونجاوی دەزانێت. نامەرکەزییەت وادەکات بڕیارەکان خێرا بێت، بەڵام چاودێریکردن تیایدا زۆر توند نەبێت.


### 3. فەرمییبوون:

فەرمیبوون مانای ئەوەیە کە ڕێسای وورد هەیە بۆ هەموو کارێك و ئەو ئازادییەی کە بە فەرمانبەرەکان دەبەخشرێت کەمە. فەرمیبوون گرنگ دەبێت لەو دامەزراوانەی کە قەبارەیان مەزنە، تاوەکو چاودێری و باڵادەستی هەبێت، بەڵام ئەمە وادەکات بڕیارەکان هێواش بن، توانای داهێنانیش کەم بێت.

## جۆرەکانی پێکهاتەی ڕێکخستن

### پێکهاتەی ڕێکخستنی هەرەمی:

پەیکەری هەڕەمی بە ساکاری و ڕوونی دەناسرێتەوە، ئاسانە لێی تێبگەین، هەروەها ئەو شێواز و کەنالآنە دیاری دەکات کە لە میانەیانەوە پەیوەندی دەبەسترێت لەنێو ئاستەکان، بەمەش گێڕەشێوێنی و شلەژان لەناودەبات، کات بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە، وادەکات سەرکردەکان کاتیان زیاتر هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکی پلاندان و چاودێریکردن.


کارگێری
باڵا
کارگێڕی ناوەند
کارگێڕی جێبەجێکاری